# نێچیری هەفتە 23-3-2005-

**عەلی مەحمود محەمەد**

- ڕێك لە بەرواری 16-3-2005 کوردستان تیڤی لەسەر دادگایی کردنی فرانس ڤان ئەنرات لە هۆڵەندە لەگەڵ دوو دانە وەزیردا چاوپێکەوتنێکی ساز کرد , هاوکات ڕاپۆرتێکشی لە هۆڵەندەوە ئامادە کردبوو , ئەوانەی قسەیان کرد زۆریان لەسەرجادەو لە ناو هۆڵی ئاهەنگ و سەر چۆپی گر بوون. ئەو دوو دانە وەزیرەش وا قسەیان دەکرد وەك ئەوەی جەنابییان ناوبراوییان بە گرتن دابێت و خاوەنی کێشەکە بن , هەموو قوربانییان بەرە باب و خاڵوانییان بن , دەتووت بە پولی بودجەی وەزارەتەکەیان کارەکان ڕاپەڕێنراوە , بڕیاری دادگاش لە ناو مشتیانایە , هەر ئەوە مابوو بڕیاری کۆتایش لەسەر شاشەوە بخوێننەوە . کە پەیوەندییم پێیانەوە کرد بە گلەییەکی زۆر نەرمەوە ووتم : دەبوایە لەگەڵ سەنتەری چاك یش چاوپێکەوتنتان بکردایە کە 18 مانگە بەو کێسەوە خەریکن , یەك دانە حکومەت و وەزیریشتان یەك دانە سەنت و 1 دانە پەڕە بەڵگەنامەی نەداوە پێیان , کە هیوای دادگایی کردنی جاش و فایلدارەکانی کوردستانم خواست , دیار بوو هێڵی سورم بەزاندبوو سورکرام و مایکرۆفۆنم پێ بەردرایە خوارەوە , نەم زانی ئەم ڕستەیەم دژ بەو بڕیارەی پەرلەمانە کە قەول و قەرار وابوو لەمەلەفدار و فایلدارو جاش و بەعسییەکان بکۆڵنەوە , لە وەڵامدا ڕێزدار عەبدوالڕەزاق عەلی پێشکەش کەری بەرنامەکە ووتی: 3 ڕۆژە بە دوای سەنتەری هەڵەبجەیا دەگەڕێین نەیانمان دۆزییەوەتەوە . توخوا کێ بەم دوعایە دەڵێت ئامین , 3 ڕۆژ بەو شاخ ودەشت و دەرەیا داماوە بە دواماناا گەڕا بەڵام خۆم بە تەلەفۆنی خۆم و بە پولی خۆم چوومە بەردەستی کەچی نەیهێشت 1 دەقە قسە بکەم . لەوەتەی ئەو دادگایەی فرانس هەیە هێشتا ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارەی کوردستان هەواڵێکی ڕاستییان لە سەر دۆزەکەی بڵاو نەکردۆتەوە , قسەیەکی تورکمانی هەیە دەڵێت :یان ئۆینەرەم یان زیفلەرەم ( واتە یان یاری دەکەم یان تێکی دەدەم) .

–ئەنجومەنی پارێزگای نەجەف , هێشتا شوێن پێی خۆیان قایم نەکردووە , نەیان توانییوە پەرداخە ئاوێك بۆ ئەو خەڵکەی دەنگی پێیان داوە دابین بکەن , یەکەم بڕیارییان بەخشینی ناسنامەی عێراقی بوو بە سیستانی و هاوڕێبازەکانی . ئەوانەی ئێمەش هەر شوێن خۆیان قایمە کەن , یەکەم هەنگاوییان لێدان و دەرپەڕاندن و ئینشقاق پێکردنی لایەنە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانە . ئاڵتاش هەموو گڕ بگرن , مەخمور هەموو توشی سیل بن , قەندیل هەموو ڕەقەوە بن , زڕ گوێز هەموو تیرۆر کرێن , کۆیە هەموو لە کەمین خرێن , لە گوڵ باشتر بە تاوانباران نالێن و لایەك لەو کوردانە ناکەنەوە , ئا ئەمەیە کوردایەتی ڕەسەن , دەبا لەژێر ئەم ئالأیە یەکگرین بەرەو سەرکەوتن .

- پارتە دەسەڵاتدارە کوردستانییەکان لە بەڵێن دان و ڕازاندنەوەی بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ ئەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتییان نییە پسپۆرن , یەکێتی لۆ هەولێر و دهۆك , پارتیش بۆ سولەیمانی . حکومەتەکەی عەلاوی لە ژیانی باسی هەژارانی نەکردووە , کەچی بیمەی بێکاری بە بڕی 130000دیناری بۆ بێکارانی سەرتاپای عێراق بڕییەوە , خوا بکات تا دەگاتە دەست بێکارانی کوردستان , جگە لەوەی دەکرێتە مونجەزاتی سەرکردە , 30000ەکەی بمێنێتەوە زۆر زۆر مەمنونین . بەڵام دەترسم لە جیاتی ئەوەی بۆ بێکاران بێت , فەوجە خەفیفەکانی دەنگدانی پێ بنیادنرێت . باشە ئەمە دوون لە یەکتری

دەترسن و منافەسەی یەکترە کەن  وا دەکەن , یەك بونایە کەولێشمانییان دەفرۆشت و لەبەر زەوی داگیرکردن شوێن قەبرێکیشمان بۆ نامایەوە .

- ئەوانەی بیروباوەڕو قەڵەم و ویژدانییان دەفرۆشن لە کوردستان , بە ئەمری خودا سەرتاپایان توشی نەخۆشی عەجزی جنسی بوونە , تەنانەت فیاگراش بەو هارو هاجییەی خۆیەوە فریایان ناکەوێت , مالل هەوا للهەوا , ویژدان فرۆشتن جگە لەوەی مرۆڤ تووشی عەجزی مەبدەئ و ڕەوشت دەکات , پاداشتەکەشی دادی جنسیش نادات . لەگەڵ نەمانی ویژدانا زەوق و جنسیش بای بای دەکات , خوایە بە گەورەیی خۆت ئەبێت چی تری بە دوادا بێت ؟؟؟ , بەس ساتر لە باتر نەدەیت ! ! ! , بە سێکس و ویژدان مەممنون بن ! ! ! .

- قوتابییانی زانکۆکانی کوردستان مانییان گرتووە دژ بە کردنەوەی زانکۆی تایبەت , ئێستا نیوەی سیاسییە تەمبەڵە فاشیلەکان کوردستان دکتۆرایان وەرگرتووە یاخود پارێزەرن , ئیتر نازانم پارێزگاری لە قۆپییەو دزیی و مرۆڤ کوژییەکان خۆیان دەکەن ؟؟؟ یان خەڵکی کوردستان , ئەگەر لێپرسینەوەو دادگایی کردن بوونی هەبێت لە کوردستان دەبێت بە پۆل ئەوان دادگایی بکرێن .

- ف پەنابەرێکی بێ وەڵامە لە وولاتی ـــ دەژێت , مانگانەی خۆی و منالەکانی بایی گەعدەی یەك ئێواران نەك شەوێکی درێژی چلەی زستانی بەرپرسەکانی ناکات . بەڕێزی تاکە نوێنەری لایەنێکی فول نەتەوەییە لە هەموو هاندەران , بەردەوام ڕۆژنامەکەیان بە هەواڵی چالاکییەکانی دەڕازێننەوە, بەسزمانە لە هەموو بۆنەو یادێکدا ئامادەیە , کەچی تا ئێستا خەرجی ڕێگای بۆ ناگەڕێننەوە . نەگبەتەکان لە هەموو شوێنێك هەر وان , کێ دەیکا و کێش دەیخوات ! ! ! .

- لە کوێ نوسرا بێت وامرهم شوری بینهم بە ئیرادەی خوا نیشانەی ئەوەیە دیکتاتۆرییەت لەو شوێنە دەسەڵاتدارە , ئەگەر دەسەڵاتێك شکی لە خۆی نەبێت ئەوە نانوسێت , وەرن وولاتێکم بۆ دەست نیشان کەن , حزبێکم بۆ بژمێرن , بارەگای سەرۆکێکم پێ بڵێن , ئەنجومەنی وەزیرانێکم بۆ بدۆزنەوە , لەسەر دیوارەکەیان ئەو ڕستەیە نوسرابێت و دیموکراتییەت لەو شوێنە بوونی هەبێت ؟؟؟ , ئەگەر وا نییە فەرموون نمونەیەکمان پێ نیشان بدەن , لە کوردستانەوە دەستی پێ بکەن لە مۆزەمبیقەوە دەرچن .

- سایدێك بە گلەییەوە دەنوسێت بۆش لەپیرۆزبایی نەورۆزدا ناوی کوردی نەهێناوە , لایەنەکەی دیکە دەنوسێت بۆش جەژنانە لە کورد دەکات , توخوا بە کامییان باوەڕ بکەین , ئەمە هەردووکییان باس لەیەك ووتارە کەن , تەمەنی چەند سەعاتێکە نەك چەند سەدەیەك . کورد خۆی بە هاوپەیمانی نمرە یەکی بۆش دەزانێت , کەچی ناویشی ناهێنێت, بابە زۆر ووتم ئەمە هاوپەیمانی نییە , بەڵکە شاگردییە , سفری دوای فاریزە قەت نابێت بە ژمارەی تەواو .